هەنگاوی دەستبەجێ

ژنە چالاکوانێکی کورد سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت

کارمەندی مرۆیی و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەخشان عەزیزی، یەکێک لە ئەندامانی ستەملێکراوی کەمەنەتەوەی کورد لە ئێران، دوای دادگایکردنێکی بە ئاشکرا نادادپەروەرانە لەلایەن دادگای شۆڕش لە تاران، مەترسی لەسێدارەدانی لەسەرە. لە مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٢٤دا، تەنها بەهۆی کارە ئاشتیخوازە مرۆڤدۆستی وچالاکیەکانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەوانەش هاوکاریکردنی ژنان و منداڵانی پەنابەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت. هەرگیز لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ لەگەڵیدا، نەکراوە.

هەنگاو بنێن: تانەدانێک بە وشەی خۆت بنووسە یان ئەم جۆرە نامەیە بەکاربهێنە

بەڕێز دەسەڵاتی دادوەری، غوڵامحوسێن موحسینی، باڵیۆزخانەی ئێران لە یەکێتیی ئەورووپا
شوێن: فرانکلین ڕۆزڤێڵت ژمارە ١٥، ١٠٥٠ بروکسێل، بەلجیکا.

بەڕێز غوڵامحوسێن موحسینی،

پەخشان عەزیزی، *کارمەندی هاوکاریی مرۆیی و چالاکوانی مەدەنی، تەمەن ٤٠ ساڵ، ، یەکێک لە ئەندامانی ستەملێکراوی کەمەنەتەوەی کورد لە ئێران، مەترسی لەسێدارەدانی لەسەرە، دوای ئەوەی لە مانگی تەممووزی ٢٠٢٤دا لە لقی ٢٦ ی دادگای شۆڕشی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنێت. ئەو بە تاوانی "یاخیبوونی چەکداری لە دژی دەوڵەت" سزا دەدرێت تەنها بە بەهۆی کارە ئاشتیخوازە مرۆڤدۆستی وچالاکیەکانی بۆ مافەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ٢٠٢٢ و لە دوای هێرشەکانی گروپی چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، ئەو بەشدار دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ ژنان و منداڵانی پەنابەر وکاری پەناگەکان لە کەمپەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و هەرێمی کوردستانی عێراق. تانەدانەکەی لەبەردەم دادگای باڵادا هەڵپەسێردراووە.*

ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠٢٣ ، لێپرسەوە ئەمنییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، پەخشان عەزیزیی لە ماڵی بنەماڵەکەی لە تاران بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە دەستبەسەر دەکەن و بەزۆرەملێ بێسەروشوێنی دەکەن، کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەمە تاوانە، بەهۆی ئەوەی بگرانی ئامادەنەبوون لە ئاشکراکردنی شوێنی ناوبراو بۆ بنەماڵەکەی. لێپرسەوە ئەمنییەکان ئەو دەگوازنەوە بۆ بەشی ٢٠٩ی زیندانی ئێڤین تاران کە لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ئیتلاعات دایە، و دەیخەنە زیندانی تاکەکەسییەوە بۆ ماوەیەکەی درێژی ٥ مانگی بەبێ ئەوەی دەستی بە پارێزەر و بنەماڵەکەی بگات. بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکان، لەو ماوەیەدا پەخشان عەزیزی لە کاتی لێپرسینەوەدا تووشی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپی دیکە دەبێتەوە. لێپرسەوە ئەمنییەکان چەندین جار پێی دەڵێن کە مافی ژیانی نییە و هەڕەشەی لەسێدارەدانی لێ دەکەن. هەروەها تووندوتیژی جێندەریی بەرامبەری ئەنجام دەدەن، بەمەبەستی ناچارکردنی بە "دانپێدانان"ی زۆرەملێ لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ گروپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، کە چەندین جار ڕەتیدەکاتەوە. سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ، ئەو دەگوازنەوە بۆ بەشی ژنانی زیندانی ئێڤین.

دادگاییکردنی پەخشان عەزیزی کە لە ماوەی دوو دانیشتندا لە ٢٨ی ئایار و ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ بەڕێوەچوو، بە شێوەیەکی ئاشکرا نا دادپەروەرانە بوو. کات و پێوویستییەکانی بۆ دابین نەکرابوو بۆ بەرگریکردنی یاساییی لەخۆی. ئەو تەنها نزیکەی سێ هەفتە پێش دەستپێکردنی دادگاییکردنەکەی، ڕێگەی پێ دەدرێت بۆئەنجامدانی چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ پارێزەرە هەڵبژێردراوەکانی و بۆ یەکەمجار لە دادگاییکردنەکەدا پارێزەرەکانی دەبینێت. بڕیارەکەی دادگا، دەستگیرکردنی پەخشان عەزیزی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە خۆپیشاندانێک لە دژی لەسێدارەدانی پیاوێکی کورد لە ئێرانی وەک "بەلگە" لە دژی ئەو بەکاردەهێنێت. هەروەها لە بڕیارەکەدا هاتووە کە پەخشان عەزیزی پشتگیری لە بنەماڵەی ئەوکەسانە کردووە کە لە کاتی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی ساڵی ٢٠٢٢دا بە شێوەیەکی نایاسایی کوژراوون.

داواتان لێدەکەم کە هەر پیلانێک بۆ لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی ڕابگرن، سزای تاوان و سزای لەسێدارەدانی هەڵبوەشێننەوە و دەستبەجێ و بێ مەرج ئازادی بکەن، چونکە ئەو تەنها لەسەر کاری ئاشتیخوازانەی مرۆڤدۆستانە و چالاکیەکانی مافەکانی مرۆڤ زیندانی کراووە. تاکاتی ئازادکردنی، چاودێری تەندروستی گونجاو و سەردانی بەردەوامی بنەماڵە و پارێزەرەکانی بۆ دابین بکەن، لە ئەشکەنجەدانی زیاتر و مامەڵەی خراپی تر بپارێزن؛ و بۆ تۆمەتەکانی ئەشکەنجەدانی، فەرمانی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، کاریگەر و بێلایەنانە دەربکەن کە هەر کەسێک گومانی بەرپرسیارێتیی تاوانکاری لەسەرێیت، ڕووبەڕووی دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەکاتەوە. هەروەها دەستبەجێ فەرمانی کاتیی بۆ ڕاگرتنی لەسێدارەدانەکەی دەربکەن، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی سزای لەسێدارەدانەکە.

لەگەڵ ڕێزدا،

زانیاری زیاتر:

ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠٢٣، لێپرسەوە ئەمنییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، پەخشان عەزیزیی و چەند ئەندامێکی تری بنەماڵەکەی لەوانەش عەزیز عەزیزی باوکیی و پرشنگ عەزیزی خوشکی لە ماڵی خۆیان لە تاران بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە دەستبەسەر دەکەن و دەیانگوازنەوە بۆ زیندانی ئێڤین .دوای نزیکەی دوو هەفتە، ئەندامانی بنەماڵەی پەخشان عەزیزی بە کەفالەت لە زیندان ئازاد دەکرێن. دواتر وەک هەمان دۆسیەی پەخشان عەزیزی لە بەردەم لقی ٢٦ی دادگای شۆڕش دادگایی دەکرێن، و بە تۆمەتی هەوڵدانی دژی ئاسایشی نەتەوەیی و تۆمەتی دیکەی وەک ''یارمەتیدانی تاوانبارێک بۆ خۆدزینەوە لە دادگاییکردن و سزادان،'' وەکو ئامەژەیەک بۆ پەخشان عەزیزی، بۆماوەی ساڵێک بۆ دوو ساڵ سزای زیندانی کردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت. لە کۆتایی مانگی ئەیلوڵی ساڵی ٢٠٢٤دا، سەرەڕای تانەدان، سزاکانیان دووپات دەکرێتەوە.

لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی ئێرانیدا لە ٢٤ ی تەممووزی ٢٠٢٤ دا، دوای دەرچوونی بڕیاری سزادان لە دژی پەخشان عەزیزیی، یەکێک لە پارێزەکانی دووپاتی دەکاتەووە کە '' خاتوو [پەخشان] عەزیزی نەک تەنها چەکی هەڵنەگرتووە، بەڵکو لە ساڵی ١٣٩٤ [٢٠١٥\٢٠١٦ هیجریيەوە]، چووە بۆ ڕۆژئاوا [باکووری ڕۆژهەڵاتی] سووریا بەهۆی تاوانەکانی داعشەوە و، وەک تۆێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتی قوربانیان و پەنابەرانی داوە بە هۆی[داعشەوە]. هەر لە هەمان چاوپێکەوتندا، پارێزەرەکەی ڕایدەگەیەنێت کە ''تەنانەت لە خودی بڕیارەکەدا، هیچ ئاماژەیەک بە هیچ ئۆپەراسیۆنێکی چەکداری یان ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری نیە، کە خاتوو [پەخشان] عەزیزی تێیدا بەشدار بووبێت لەگەڵ هیچ قەوارەیەکی حکومی یان ناحکومی ئێراندا.''

لەدوای زیندانیکردنی هەڕەمەکیانەی، پەخشان عەزیزی چەندین جار ماندەگرێت لە خواردن، لەوانە جارێک لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤دا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە گواستنەوەی چالاکوانی کورد وریشە موردادی لە بەشی ژنانی زیندانی ئێڤین بۆ بەشی ٢٠٩ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. کاتێک وریشە موردادی دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ بەشی ژنان، ئەو کۆتایی بە مانگرتنەکەی دەهێنێت. وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە چالاکییە بەردەوامەکانی پەخشان عەزیزی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە زیندانەوە، دەسەڵاتداران دوو کەیسی نوێ لە دژی دەکەنەوە و پەیوەندیی کردنی بە بنەماڵەکەیەوە
ڕەتدەکەنەووە. لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ٢٠٢٤، بە ووتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دەسەڵاتداران دۆسیەیەکی تر لە دژی پەخشان عەزیزی دەکەنەوە بە تۆمەتی ''ئاژاوەگێڕی لە زیندان'' بە هۆی چالاکییەکانی دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران کە لە ماوەی دوو خوولدا لە نێوان کۆتاییەکانی مانگی حوزەیران و سەرەتای مانگی تەممووزی ٢٠٢٤ بەڕێوەچوو. لە ٦ی تەممووزەوە تا ناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠٢٤، دەسەڵاتداران هەموو پەیوەندییەکی پەخشان عەزیزی ڕەتدەکەنەووە و بەسەردانیکردنی کەسووکاریشیەوە. لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٤دا، دەسەڵاتداران کەیسی دووەمی بۆ دەکەنەوە، دەربارەی ناڕەزایەتیەکانی پەخشان عەزیزی و چەند کەسێکی تری وەک نەرگس محەممەدی؛ داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە بەشی ژنانی زیندانی ئێڤین زیندانی دەکرێت، لە دژی بەکارهێنانی چڕی سزای لە سێدارەدان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە.

لە دوای ڕاپەڕینی ''ژن، ژیان، ئازادی'' دەسەڵاتدارانی ئێران بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدانیان چڕتر دەکەنەوە بۆ چاندنی ترس لە ناو هاوڵاتیان و چەسپاندنی دەسەڵاتیان. بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان لە دژی کەمینە نەتەوەییە ستەملێکراوەکان لەوانەش کورد و بلوچ زیاتر ڕوو لە هەڵکشان دەکات. لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، دەسەڵاتدارانی ئێران ناڕەزایانی وەک پژمان فاتیحی، وەفا ئازەربار، موحەممەد فەرامەرزی و موحسین مەزڵووم بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە لە سێدارەدەدات، کە دوای دادگاییکردنێکی نادادپەروەرانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت. دەسەڵاتداران ئەو چوار کەسە بەزۆرەملێ بێسەروشوێن دەکەن، و لە دوای دەستگیرکردنیان لە ٢٠ی تەممووزی ٢٠٢٢، و بنەماڵەکانیان هەراسان و چاوترسێن دەکەن. هەروەها دەسەڵاتداران بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدانیان لە دژی ئەو ژنانەی کە بە تۆمەتی پاڵنەری-سیاسی دەستبەسەرکراون چڕتر دەکەنەوە. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٤، دادگای شۆڕش لە پارێزگای گیلان، سزای لەسێدارەدانی بەسەر شەریفە موحەممەدی؛ داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤدا دەسەپێنێت بە تۆمەتی "یاخیبوونی چەکداری لە دژی دەوڵەت" تەنها بە هۆی چالاکی ئاشتیانەی مافەکانی مرۆڤەوە. هەروەها لانیکەم ژنێکی دیکە بە ناوی وریشە موردادی بە تۆمەتی "یاخیبوونی چەکداری دژی دەوڵەت" وەک کەیسێکی تر دادگای دەکرێت. لە ساڵی ٢٠٢٣دا دەسەڵاتداران لانیکەم ٨٥٣ لەسێدارەدانیان ئەنجامدەدەن، و بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان بە شێوەیەکی هەڵکشاو کاریگەری لەسەر کەمینەی نەتەوەیی بەلوچی سزادراوی ئێران دەبێت، کە نزیکەی ٥%ی دانیشتوانی ئێران پێک دەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ٢٠%ی هەموو لەسێدارەدراوەکان لە ساڵی ٢٠٢٣دا لەوان دەبن. لە ساڵی ٢٠٢٤دا دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام دەبن.

کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران لە نێویاندا کورد ڕووبەڕووی جیاکاری بەرفراوان دەبنەوە، بەمەش دەستڕاگەیشتنیان بە خوێندن، کارکردن، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و بەشداریی سیاسی کەم دەبێتەوە. بەردەوامی کەم وەبەرهێنان لەو ناوچانەی کە کەمینە نەتەوەییەکانی تێدا دەژین؛ هەژاری و پەراوێزخستن زیاتر دەکات. لە ساڵی ٢٠٢٣ هێزە ئەمنییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی و بەبێ لێ پێچینەوەی یاسایی، چەندین کۆڵبەری بێ چەک لە نێوان هەرێمە کوردستانییەکانی ئێران و عێراق دەکوژن. هەروەها ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ، چەندین جار ئەوەی بە بەڵگەکردووە کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئێرانی تاکەکانی کەمینەی نەتەوەیی کوردی لە ئێران دەکەنە ئامانج و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەیانگرن و زیندانیان دەکەن بەهۆی پشتیوانی ڕاستەقینە، هەستپێکراو یان پەیوەندییان لەگەڵ پارتە کوردییەکان، و بەڵگەی پێویست دابین ناکەن لەسەر بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە لە تاوانە دانپێدانراوە جیهانییەکاندا هەیە.

زمانی پەسەندکراو: فارسی، ئینگلیزی، یان زمانی خۆت.

تکایە بە زووترین کات هەنگاو بنێن تاوەکو ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٥.
تکایە لە نووسینگەی ئەمنێستی لە وڵاتەکەت بپرسە ئەگەر دەتەوێت دوای وادەی کۆتایی، تانە بدەیت.

ناو و جێناوی پەسەندکراو: پەخشان عەزیزی (ئەو).